www.kurdistannet.org

# جارێکی دیکەش کارەبای هەولێر بڕا

## سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئەم لێدوانەی دا:

سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٢/٦/١٩) جارێکی دیکەش بڕە کارەبای هاتوو لە وێستگەی دووکانەوە بۆ پارێزگای هەولێر لە (١٠٠) مێگاواتەوە بۆ (١٥) مێگاوات کەم کرایەوە، واتە گەڕایەوە هەمان ئاستی پێش زیادکردن لە (٢٠٠٢/٤/٩) هەرئەمڕۆ (چوار شەممە)، سەعات (٤)ی دوای نیوەڕۆ، بە پێی بروسکەی ژمارە (ت)ی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لە سلێمانی، ئەم بڕە کارەبایە کرا بە (٣٠) میگاوات، کە ئەمەش گرفتی خەڵکی پارێزگا چارەسەر ناکات، چونکە پێداویستی خەڵکی هەولێر لە ڕووی کارەباوە لە نێوان (٨٠ تا ١٠٠) میگاواتە، جگە لەو کارەبایەی، کە لە هەولێر بەرهەم دەهێنرێت.

جا بۆ ئەوەی جەماوەری کوردستان ئاگاداری ڕاستی یەکان بێت، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوون کردنەوەیەی خوارەوە بلاوبکەینەوە.

دوای ئەوەی وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٢/٦/٦ لە سەلاحەددین کۆبوونەوە، بڕیار درا شاندی پسپۆڕانی کارەبای هەولێر و سلێمانی بۆ گفتوگۆ لەسەر دانانی نرخێکی یەکگرتوو بۆ فرۆشتنی کارەبا بە هاووڵاتیانی هەر دوو پارێزگا کۆببنەوە.

پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوە، لایەنی سلێمانی سوور بوو لەسەر خشتەی نرخی پێشنیاز کراوی خۆی، کە بریتی بوو لە (٣٦٥) فلس بۆ یەک کیلۆ وات - سەعات وەکو موعەدەل، کە مانگانە دەکاتە زیاتر لە (٢٦٠) دوو سەدو شەست دینار بۆ هەر چوار ئەمپێری کارەبا ،کە کەمترین ئاستی پێداویستییەکانی یەک ماڵە لەم ڕووەوە.

ئێمە دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ پێمان ڕاگەیاندن کە ئەو نرخە زۆر بەرز ونابەجێیەو بە هیچ شێوەیەک بە خەڵکی هەولێر و سلێمانی نادرێت. شاندی کارەبای هەولێر لە گفتوگۆکاندا نەرمی زۆری نواندو، دوا پێشنیازمان ئەوە بوو، کە تێکڕای نرخی یەک کیلۆ وات - سەعات (٧٠) فلس بێت کە مانگانە دەکاتە ٥١ پەنجاو یەک دینار بۆ چوار ئەمپێری کارەبا.

بەڵام لایەنی سلێمانی بەو نرخە ڕازی نەبوون و سوور بوون لەسەر ئەوەی، کە بە نرخی بڕیار لەسەر دراوی خۆیان کارەبا بە خەڵکی هەولێر بفرۆشن و، ڕازی نەبوون بە هیچ شێوەیەک ئەم نرخە کەم بکەنەوە.

بێگومان بڕینی بەشە کارەبای پارێزگای هەولێر لە وەرزی گەرمی هاویندا، هیچ پاساوێکی بۆ نییەو دەبێتە مایەی نارەحەتی و ئەزیەت و ئازاری زۆری هاووڵاتیان، بە تایبەتیش کە بە شایەتی خودی پسپۆڕانی کارەبای سلێمانی، ئەمساڵ ئاستی ئاوی بەنداوەکان بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بۆ پتر لە ساڵێک بەرز و لە بارەو، ئەوانیش بە هۆی ئیلتزاماتیان بەرامبەر بە بابەتی ئاودێری لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەبێ ئاوی بەنداوەکان بەربدەن، جا چ کارەبا بەرهەم بهێنن یان نا.

بۆیە هاووڵاتیانی شاری هەولێری خۆشەویست لەم ڕاستیانە ئاگادار دەکەینەوەو دڵنیایان دەکەین، کە وەزارەتمان هەر لە ئەمڕۆوە هەموو وزەو توانای بەردەست بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا و کەم کردنەوەی مەینەتی و گیرو گرفتی هاووڵاتیان لەم ڕووەوە، بەکاردەهێنێت.

٢٠٠٢/٦/١٩